# من پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- کە میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا

له‌ ئیبراهیمی نەخەعیەوە ئەمیش لە هەمامی کوڕی حاریسەوە دەڵێت: جەریر میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا^، پێی ووترا: ئایا تۆ ئاوا دەکەیت؟ ئەویش ووتی: بەڵێ، من پێغەمبەری خودام بینی -صلى الله عليه وسلم- کە میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت، و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا، ئەعمەش دەڵێت: ئیبراهیم تێبینی کردبوو کە ئەم فەرموودەیە جێی سەرسوڕمان بوو بۆیان (بۆ خەڵکەکە)، چونکە جەریر دوای دابەزینی سورەتی -المائدة- موسڵمان بوو. ^(خوف: وەکو گۆرەوی وایە لەپێدەکرێت بەڵام لە پێست دروست دەکرێت)

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری)]

جەریری کوڕی عبد الله ڕەزای خوای لێبێت- میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت و تەنها مەسحی کرد بەسەر خوفەکانی، و پێیەکانی نەشۆرد، ئەوانەی دەوروبەری پێیان ووت: تۆ ئاوا دەکەیت؟! ئەویش ووتی: بەڵێ، پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- میزی کرد، پاشان دەستنوێژی گرت و مەسحی کرد بەسەر خوفەکانیدا. جەریر دواکەوت لە مسوڵمان بوونیدا؛ لە پاش دابەزینی سورەتی (المائدة) بوو، کە ئایەتی دەستنوێژی تێدایە، ئەمیش ئاماژەیە بۆئەوەی کە مەسحکردن لەسەر خوفەکان بەو ئایەتە هەڵنەوەشاوەتەوە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee